مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە:

من بەچی دیکتاتۆرم، نە عەشیرەتی زۆرم لەپشتە، نە تفەنگچی زۆرم هەیەو نە سەرمایەداریشم

میدیا - هەولێر/ عەبدوڵڵا حەسەن زادە کەسایەتییەکی سیاسی ناسراوی کوردستانییە کە نزیك بە دە ساڵ سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بووە، تا کۆنگرەی ١٣ی ئەو حیزبە، ئێستا لەحیزبی دیموکراتی کوردستان دایەو بۆچوونەکانی لەسەر پرسە سیاسییەکانی وڵاتەکەمان گرنگی خۆی هەیە، بۆیە سەبارەت بەچەند مەسەلە پرسیارمان لێکرد تا بۆ (میدیا) وەڵاممان بداتەوە.

*** ئەو کێشەیەی کە لەنێوان حکومەتی کوردستانو بەغدادا هەیە ئەوەی کەدیلۆمێت دەسەڵاتی ئاوچە دابڕاوەکان کە پێشتر لەدەست هێزە کوردییەکان دابوو یا تەقریبەن بێ دەسەڵاتی تێدا حاکم بووە، دەوڵەتی نوفئی بەدەستیەوە بیگرێ، رای چەنابت چییە؟**

– ئەو مەسەلە، مەسەلەیەکە کە جێی نیگەرانییە، راستییەکەی ئەوەیە کە ئەو دەستکەوتانەی بەدەستی کورد هاتوون پاش پرۆسەی ئازادی ئێراق وەکو پارسەنگ ناوی دەبرێ، بەشی هەرە ئەساسیان ئاکامی، پارسەنگی هێزەکانلەو هەڵو مەرجەدایە، تەنانەت هەتا ئەوەی کە لەدەستوریشدا هاتووە ئەو شێوەیەی پێوە دیارە، یانی ئەو دەستکەوتەکانی کە کورد لەنووسینی دەستووردا بەدەستی هێناون، دەتوانم بڵێم بەشێکی بەرچاویشی ئاکامی ئەو پارسەنگی هێزەیە کە لەو وەختەدا هەبوو، مەنتیقەی کوردستان تەنیا مەنتیقەی ئارامو جێگیری ئێراقێ بوو، هێزی کوردی هێزێکی رێکوپێك و مونەزەم بوو، پەیوەندییەکی باشو توندوتۆڵ هەبووە لەبەینی کوردو هاوپەیمانەکانداو، کورد دەیتوانی لەزۆر شتی مەربوت بەکوردستان دا کە هیچ، بەڵکو لە زۆر شتی مەربوت بەئێرانیش نەخش دانەر بێ، عەرەبەکان لەنێو خۆیان تەفرەقەیەکی زۆریان هەبوو، لەوەختی لا تتفاهیدا دیتمان کە بەشێکی زۆر لەسوننەکان هەر واریدنەبوون، بۆیە وەزنی کوردەکان لەپەرلەمانیشدا، لەپەرلەمانی ئێراقیشدا زیاتر بوو لەوەی کە ئەوانیش بەشداربوونایە، رەنگە ناخۆش بێ پیاو ئەوە بڵێ، بەڵام واقیعەت ئەوەیە بەشێك لەو شتانە کە حیزبو سازمانە ئێراقییەکان پێی رازی بوون لەبەر ئیمانیان بەو شتە نەبوو، لەبەر ئەوە بوو لەوەزعێکی زۆر خراپ دا بوون، مەجبور بوون ئەو ئیمتیازانە بدەن، دەنا رەنگە زۆر کەس رەنگە ئەو کاتیش وای بیر کردبێتەوە، یەکێك لەوان ئەمنم، ئێستاش سابت بووە، هەر لەگەڵ ئەوە کەمێك جێ پێی خۆیان قایم کردووە ئەمنیەتێکی نسبی یانی لەچاو جاران ئەمینەتێك بەرقەراوە لەبەغدا، هاتوونەوە سەر سیاسەتەکان و تەفەکورەکانی پێشویان، دەیانەوێ ئەو ئیمتیازاتەی راون بەکورد وەربگرنەوە، بۆیە من بەش بەحاڵی خۆم زۆرجار گوتوومە، رەنگە ئەمیش بەنەزەری خۆم هەرچەند هەقم نییە وەکو کوردێکی کە لێرە، لەجیاتی ئەوەی وەك میوان دانیشتووم هەقم نییە بیکەم، بەڵام رەنگە ئەمنیش گلەیەکم هەبێ لەسەر یەك، یان دوو لەسیاسەتەکانی رێبەرایەتی کورد، ئەما لەسەر یەك، پێموایە رێبەرایەتی کورد باشی رەفتاری کردووە، توانیویەتی هەڵەکان بقۆزێتەوە، توانیویەتی مەتڵەبەکانی بەشێوەی سیاسی، دیبلۆماسی، تاحەدێکی کە مومکین بێ، فیدراڵیزمەکە لەسەر هەموو خاکی کورد بچەسپێ، ئەو ئیمتیازانەی کە لەدەرەوەی فیدراڵیزم، ئەوە لەدەست بچن، هەزار جار باشترە لەوەی ئەو ئیمتیازاتانە بن، بەڵامبۆ بەشێکی کوردستان، بەشێکی ئەساسیو جەوهەری کوردستانی لەگەڵ نەبێ لەعەینی حاڵدا لەخەتەری زەیت کرانەوەو لەدەست چوون دابێ، ئەمن ئەمەیانم پێ باش نییە، پێم باشە کە فیدراڵیزمێکی سابتو بەردەوام لەکوردستانی ئێراقدا بچەسپێ ببێتە نموونەش بۆ بەشەکانی دیکەشدا، هەندێ ئەو دەستکەوتەکانیانە ئەمڕۆ لەدەستمان دەربچن.

*** پێتوانییە ئێران دەورێکی باڵای هەیە لەهاندانی ماڵیکی بۆ مەسەلەی خانەقین؟**

– بێ شك دەوڵەتانی دراوسێ، هەر هەموویان بەتایبەت، مەبەستم لەدەوڵەتانی دراوسێ ئەو دەوڵەتانەن کە کورد لەوڵاتەکانیان دەژی بە هەموو ئەو دەستکەوتانە کە بەدەستی کوردی ئێراقی هاتوون ناڕازینو، لەهەر رێگەیەکی بۆیان بکرێ، دەیانهەوێ تێکی بدەن، بەڵام دەوڵەتی ئێرانێ، بەشێوەیەکی تایبەتی، ئەو دەخالەتەی دەکا، دەوڵەتی ئێرانێ داوای رێبەرایەتی ئیسلام دەکا، لەوەش زیاتر، لەباری مەزهەبیەوە، ئەوان خۆیان بەخاوەنی ئێراقی دەزانن، چونکە پێیانوایە رێبەری شیعە ئەوانن، ئێراقیش ئەکسەریەتیەکەی شیعەیە، نفوزیشیان لەنێو شیعە مەزهەبانی ئێراقیدا بەحەدێکی کە جێی باوەڕ نییە هەیە، مەسەلەن من نموونەیەکم بەچاوی خۆم دیوە، جەژنی رەمەزانێ بوو لە بەغدایێ بووم، بەو دوو چاوانەم مانگم دی، مانگ ئەوەندە زاهیر بوو، بەڵام لەتارانێ چەژن نەبوو، شیعەکان نەیانکرد بەچەژن، راوەستان رۆژی دوایێ لەگەڵ ئێرانیٚ کردیانە چەژن، لەحاڵێکدا لەشەرع ئەو رۆژە، رۆژی گرتن حەرامە، رۆژی جەژنی رەمەزانێ بەرۆژوو بوون، رۆژی دوای جەژنیٚ کردیان چونکە لەئێران چەژن نەبوون ئەمە مانای وایە نفوزێکی نا مەحدودە، نا مەعقولیشە، ئەوەیان هەیە، ئەمن نامەوێ ماڵیکی بەپیای ئێرانیٚ بزانم، بەڵام بەبێ شك تەئسیری ئێرانیٚ لەسەر دەوڵەتی ماڵیکیو لەسەر موئەسەساتی دینی لەئێراقیدا زۆرە کە دەیانەوێ، حەدی ئەکسەری ئیستیفادەیلێ بکەن هەم بۆ دەسەڵات بە پەیداکردن بەسەر کورد لەئێراقیدا، هەم بەتایبەت بۆ مەحدودکردنی دەستکەوتەکانی میللەتی کورد، خانەقینیش زەمینەیەکی مساعدی هەیە، هەر چەندە کوردەکانی خانەقینیٚ بەخۆشییەوە جەنبەی نەتەوایەتیان بەقەوەترە تا باری مەزهەبیەکەیان لەگەڵ ئەوەی لەباری مەزهەبیەوە متعسبن شیعەن، زۆربەیان شیعەن کوردی خانەقینی، بەڵام پێش ئەوەی شیعە بن کوردن، ئەوان پێیان خۆشە لەگەڵ کوردستان بن، بەڵام غافل بین کەئێستا ئیدی سوپای ئێراقیٚ سوپای پێنج ساڵ پێش ساڵ پش ئێستا نییە، سوپایەکی لێك هەڵوەشاو نییە، حدودی (٢٥٠٠٠٠) سەربازی ئێراقی هەیە کەسازمان دراوەتەوە کە تەدریبی پێ کراوە، کە لەسەر دەستی ئەفسەرانی شارەزای غەربیو وڵاتانی عەرەبی تەمرینیان دیوە، دەتوانن شەرێ کەنو دەوڵەتەکەشی لەپشتیەوەوەیە، یانی ئەو شەرە بۆ هیچ لایان قازانج نییە، بەڵام من نیگەرانی ئەوەم کە ئەگەر شەرێکی وابێ کوردەکە دەستکەوتی تێدا نەبێ، پێموایە حیکمەت حوکم دەکا کە بە گەڕانەوە بۆ دەستوور، بەگەڕانەوە بۆ لای هاوپەیمانەکان سەعی بکرێت، پێش ئەو دەگیریەی بگیرێ، بەتایبەتی پێشی ئەوەی کە ئێستاش چ ئەرتەشی کوردی چ ئەرتەشی عەرەبی بێنە ناو شارەکان، چونکە ئەرتەش کاری نییە بێتە ناو شارەکان، دەنا لەهەموو فیدرالیزمێکدا واقیعەت ئەوەیە، لەهەموو فیدرالیزمی دونیایێ دا، سوپا عایدی دەوڵەتی فیدراڵە، دەوڵەتی مەرکەزیوهەق هەیە بچێتە هەموو وڵاتێکی، بچێتە هەموو ناوچەیەکی بەڵام هەقی نییە بچێتە نێوهیچ شارێکی. ئەگەر قیادەی کوردی زیاتر ئەو گۆشەی بگری، رەنگە پتر بچێتە سەرێ، پتر باری قانوونی هەیە.

*** ئێستا رۆژهەڵاتی کوردستان بۆتە شوێنی بەرەنگاری خەڵك و دەسەڵات زیندانە سیاسییەکان مانیان گرتووە، حوکمی توند بەسەر خەڵك هەیە، پێتوایە ئەمە تاکوێ بەردەوام دەبێ؟**

– دیارە، ناکرێ بڵێین کوردستانی ئێرانیٚ بەتەنیٚ، کوردستانی ئێرانیٚ بەتەنیٚ نییە، ئەو بەرەنگاریو ئەو رووبەڕوو بوونەوەیە لەبەینی خەڵك و دەوڵەتدا، لە هەموو بەشەکانی دیکەی ئێرانیش هەر هەیە، بەڵام بەخۆشیەوە مقاومەتی خڵکی کوردستان بەرجەستەترە، خەڵکەکە هۆشیارترن، فیداکارترن، نەزەری دەوڵەتەکە بەرامبەر بەکوردەکان خراپترە، لەبەر ئەوە بەرەنگاریە لەکوردستان زاهیرترە، فعال ترە، ئەمن شتێك دەڵێم کە رەنگە زۆر کەس پێی خۆش نەبێ، ئارەزووی من ئەوەیە کە ئەو مانگرتنەی ئێستا هەیە، ئەو مانگرتنە هەتاسەر بەردەوام نەبێ، ئارەزو دەکەم ئەو مانگرتنە بەزوویی دەستکەوتەکانی بەدەست بێنێ، بەڵام نە ئارەزوو دەکەم، نەپێموایە قازانجە ئەو مانگرتنە بەردەوام بێ، هەتا (١٢٠) زیندانی کورد لەزیندانادا دەمرێ، ئەمن پێموایە وەختی ئەوەی هاتووە کە هێزە سیاسییەکان، لایەنگرانی هێزی سیاسی بەجۆرێ لەجۆران هەوڵ بدەن تا ئەو جێیەی دەکرێ دەستکەوتەکان وەدەست بێنن باشە، ئەگەرنا داوا لەزیندانان بکەن مانگرتنەکە بشکێنن چونکە ئێمە لەگەڵ رژێمێکی دیموکراتی تەرەف نین کە لەبەر خاتری ئەوەی کە ئەو خەڵکە برسی نەبێ، ئەو خەڵکە نەخۆش نەبێ، داخوازییەکان هەمووی جێبەجێ بکرێنو تەواو بێ دەگەڵ رژێمێك تەرەفین کەهیچ مانعێکی نییە، هیچ پێی ناخۆش نییە، ئەوانەی هەموولە کۆبینەوەو هەموویان بەرن، ئەوە لەجێی خۆی، بەڵام لەسەر ئەوەی هەتا کەنگێ بەردەوام ئەبن، بەباوەڕی من ئەو بەربەرەکانێیە بەردریژە، بەداخەوە، بەتایبەتی تا ئەو وەختەی بەربەرەکانی لەگەڵ رژێم، لەگەڵ دەوڵەتی ئێران لە بەشێك لەناوچەکانە، لەبەشێك لەناوچەکانی ئێرانێیە، دەتوانیٚ زۆر بەردەوام بێ، هەتا ئەو وەختەی خەڵك رانەپەریوە لەهەموو جێیەکی، دوژمن زۆر بەئاسانی دەتوانیٚ ئەو راپەڕینە مەحەلیانە سەرکوت بکا، ئەوە جێگەی ناخۆشحالیەکە بەشەکانی دیکەی ئێرانیٚ هەمووی فعال نین، هاوکاریو هاوپەیوەندییەکی باش لەبەینی هێزە سیاسییەکانو گەلانی ئێرانیٚ دا نییە، بەتایبەت ئەو وەختەی راپەڕین لەئێرانیٚ لەکوردستانە، لەبەشەکانی دیکە وابزانە هیچ نەبووە ئەگەر ئێستا لەتەسفەهانیٚ شتێك ببێ ئەوا ئێرانییەکان، بەتایبەتی ئەوەی پێی دەڵێن نەتەوەی حکم دەڵێ سەرتانسەرییە، بەڵام ئەگەر لەکوردستانا دەڵیٚ مەحەلیە، ئەوە نەزەری دەوڵەت نییە، نەزەری هەتا سازمانە سیاسیەکانیشە، وەختی خۆی ئێمە لەگەڵ (چریکەکان) باسمان دەبوو، دەیانگوت راپەڕینی شیعەکان، راپەڕینی سەرتاسەرییە، بەڵام راپەڕینی (٤١و ٤٤) راپەڕینێکی مەحەلیە باشە ئێ گوتم بۆ پاسگایەك لە (چوا پارێزگایان) گەورەترە. لەپاسگای (سەیاهکەل)دا ئەوە حەرەکەتی سەرتانسەرییە بەڵام ئەوە لەکوردستان (١٨) مانگە، حەرەکەتی چەکداری لەدوو سێ ئوستاناندا هەیە لەدەیان هەزار کیلۆمەتر، وەڵا محەلییە.

*** ئەرکی هێزە رۆژهەڵاتییەکانی کوردستان لەو قۆناغەدا، بەرای چەنابت دەبێ چی بێ؟**

– ئەرکی هێزە سیاسیەکانی رۆژهەڵات، هەر ئەو ئەرکەیە کە لەمێژە لەسەری سوورن، بەڵام بەداخەوە تائێستا عەمەلیان پێ نەکردووە، ئەرکی هەرە ئەساسی کە زۆر ئیش دەستپێڕاگەیشتنی کارێکی قورسو ناموکین نییە، ئەوەیە کە هەنگاوەکان رێکبخەن، پێکەوە هاوکاری بکەن، سەعی بکەن لەسەر هەندێ نوقتەی موشتەرەك کە، ئەو نوقتە موشتەرەکانەی کەهەموویان باوەڕیان هەیە، لەسەر ئەوە میللەتی کورد خەباتیان بۆ دەکا، لەسەر ئەوە یەکبگرنو بەسەریەکەوە کاری بۆ بکەن، هەر کەسەش لەمالی خۆی حیزبی خۆی هەیەو کاری خۆی دەکاتو یەعنی بەمانای توانەوەی هیچ حیزبێك لەحیزبێکا نابیٚ، بەباوەڕی من پێش هەموو شتێکیان، ئەرکەکە ئەوەیە: وابیٚ بەیەك زمان هەم لەگەڵ خەڵکی کوردستان بەرەو ڕووبن، هەم لەگەڵ خەڵکی ئێرانیٚ بەرەو ڕووبن، هەم لەگەڵ دەوڵەت بەرەو ڕووبن، هەم لەگەڵ دونیای دەرەوەو ئەفکاری عمومی دونیاو ئەوەی پێی دەڵێن ناوەندەکانی بڕیار لەجیهاندا، لەگەڵ ئەوانە بەرەو ڕووبنوقسە بکەن پێموابیٚ ئەو ئەرکە هێندە کارێکی گران نییە ئەگەر تەعەسوبی وشکی حیزبایەتیو گروهی وەلابنێین.

*** باشە هۆکاری چییە ئەو ئەرکەوەی نیە، ئەو هێزانە ئامادەگی وایان نییە، پێتوایە هۆکارەکانی لەچیدا دەبینرێن؟**

– لەکۆنەوە تائێستا باوەڕی من ئەوەی کە ئەگەیشتوونە یەکتر لەبەر ئەوە نەبووە، لەسەر ئامانجەکانی ئەو یەکگرتنەو ئەو هاوپەیمانەتیە، ئەو ئینتیلافە، ئاگەیەنەیك، زۆر ئاسان بووە لەسەر ئەوەی کە بگەینە یەك، رەنگە پەکێ ویستبێتی خۆی رادیکاڵتر بنوێنی، هەدەفی رادیکاڵەتر گەڵاڵە بکا، بڵێ دەبێ ئەوە بەرنامەی جەبهەبێ، بەڵام ئەوە قەت نەبۆتە موشکیل، چونکە ئەمە دەتوانین جەبهەیەك، هاوپەیمانیەتێك پێکبهێنن تا ئامانجە هاوبەشەکانی تا حەدێك بن، حیزبێك لەنێویدا ئەهدافی دوونری هەبێ. ئەوەیە گیرۆگرفت بووە لەرێگای پێکگەیشتندا زیاتر، شێوەی بەرێوەبەرکردنو ئیدارەکردنی ئەوەی دەبووا، کە هەر باسی حیزبی دیموکراتی کوردستان بکەم کە حیزبی مەتبوعی خۆمە، ماوەیەکی زۆرە ئێمە پێمانوابوو کە دەبێ لەهەر ئینتیلاف کە پێکدێ حیزبی دیموکرات دەبێ خاوەنی (هێژێ مونی) بێ، ئەگەر رێبەریەکی هەیە مەسەلەن نیوەی رێبەریەکە لەحیزبی دیموکرات بێ، یا رئاسەتەکەی بەحیزبی دیموکرات بێ، ئەوانە بوونە مانع، ئێستاش هەندێ شتی دیکەی لێ ئیزافە بووە کە لەو دوو ساڵەی ئاخر هەندێك لێکدابران لەحیزبەکاندا رووبداوە، ئەمەشی لێ زێاد بووە کە هێندێکیان حازر نین لەگەڵ رەفیقەکانیان هاوکاری بکەن، ئەوەی کە پێی دەڵێن تەعەسوبی حیزبیو گروهی لەڕاستیدا ئەمە بۆتە کۆسپ لەرێگەی بەیەکگەیشتن، پێموایە بۆ دوارۆژی میللەتی کوردو هەتا بەبەرچاوی میللەتی کورد لەئێستاشدا ئەوە حوزرێکی بەجێ نییە، مەهانەیەکی زۆر خراپە، ئێمە هاوکاری دەکەین لەگەڵ یەکتر، لەگەڵ ئەوەی هێندێ ئەفکاری جیاوازیشمان هەیە، هێندێکی زیاتری دەوێ بۆ داهاتووی کوردستانی ئێران لە هێندێکیان، لەگەڵ ئەوەی ئیختلافیشمان هەیە، لەپاشانیش ئەو ئیتحیسار تەڵەبییەو خۆ بەمیحوەر زانینە دەتوانیٚ فەقەت زیان لەبەرژەوەندی کورد بداو خزمەت بەوانە بکا کە خێری کوردیان ناوێ بەدنا هیچ خێرێکی بۆ هیچ کەسێکی دانابیٚ.

*** ئەمن لەدیمانەکانمدا لەگەڵ بەعزێ لایەنی سیاسی ئاوا باسی ئەم یەکگرتنەیان کردووەو ئیشارەیان بەوە داوە کە سالی پێشو مامۆستا بەرێبەستێك بوو بۆ پێك ئەهێنانی بەرە، ئایا هەر لەبەرئەوە بوو کە ئەوەدم حیزبی دیموکرات سیاسەتی وابوو کە لەهەر جەبهەیەکی دابیٚ، خۆی بسە پێبنیٚ؟**

– ئەمە بۆ خۆی جالبە، هەر لەبنی را،بۆ هەر کەس، بۆ هەر حیزبێکی بڵێن یەك نەفەر، ئەوە تەوهینە بەحیزبەکەی پێش ئەوەی تەوهین بێ بەوی، یانی ئەو حیزبە پیاوی تێدا نەبوون، کەس ساحەب رەئی نەبوو، هەر یەکێ بووە، ئەسڵەن ئەوانەی ئەمن دەناسن لەنزیکەوە، پێش لەویژدانی خۆیان نانێن، پێیانوایە ئەمن دیکتاتۆرم، ئەسڵەن بەچی دەتوانم دیکتاتۆرم، عاشیرەتی زۆرم لەپشتە، تفەنگچی زۆرم لەپشتە، سەرمایەی زۆرم لەپشتە، ئەسڵەن قەت لەحیزبی دیموکراتی کوردستاندا ئەو وەختەی سکرتێریش بووم، گرووپێك هەبووە بڵێن ئەوە گرووپی مامۆستایە، بە مامۆستام نێودەبەن، ماشێنێك هەبوو بڵێن ئەوە ئی ویە، تفەنگێك هەبووە بڵێن ئەوە ئی ویەی، بەچی دەبمە دیکتاتۆر، ئەخێر ئەوە رەوشی حیزبەکە بووە، ئەمن بۆ خۆم باوەڕم وابووە کە حیزبی دیموکرات دەبێ نەخشێکی بەرچەستەتری هەبێ بەدەلیلی ئەوەی کە پێموابووە، بمانەوێ و نەمانەوێ ئێستاش هەروایە، حیزبی دیموکرات بەهەردوو حیزبەکانییەوە لەهەموو سازمانێك کە لەکوردستانی ئێراندا چالاکییان هەیە، لەبەرچاوی خەڵکی گەورەتر دێنە بەرچاو، پێموابووە وابووە، بەڵام ئێستا ئەمن رەئیم گۆڕاوە، پێموایە نابیٚ ئەوەی بکەینە کۆسپ، بەڵیٚ ئەمنیش لەگەڵ ئەو رەئیە بووم، بەڵام ئەوە رەئی من نەبووە، لەزەمانی (د.قاسملۆ) وابوو، لەزەمانی (د.سەعید)دا وابوو، ماوەیەکی کورت کە کاك (مستەفای هیجری) بووە وابووە، لەزەمانی منیش وابوو، بەڵام ئەوە رەئی جەمعی بووە، ئەمن رۆژێك کە بێت سابیتی دەکەم کەمن لەو حیزبەیدا هیچ بڕیارێکم بەتەنیٚ نەداوە، هیچ بڕیارێك، هەتا رۆژجار ئیرادم لیٚ گیراوە دەڵێن باشە ئەوەی بۆ دێنیە دەفتەری سیاسی بۆ بۆ خۆت جێبەجیٚ ناکەی، گوتوومە نا، لەچاك و خراپیدا پێویستە هەموومان مەسئوڵبن، ئەسڵەن ئیرادی کاری من ئەوە بووە، بۆ هەندە مراجعە دەکەم بەکادیری رێبەری، بۆ بۆ خۆم کارەکان ناکەم، نەخێر ئەمن نەبووم، بەڵام منیش لەگەڵ ئەو رەئیە بووم، ئێستا پێموایە ئەو تەوجیهە بگۆڕین، چونکە ئەمە بەبیٚ ئەوەی لەسەر کاغەز بیٚ دەتوانیٚ بێتەدی، مەسەلەن پارتیو یەکێتی هاوپەیمانیەتیان پێکهێنابوو لەوەختی ناخۆشیەکەیاندا، کە بڵێن بەرنامەی هیچ لەو هاوپەیمانیە تێدا نەهاتبوو کە پارتی حیزبی ئەوەلەو یەکێتی حیزبی ئەوەلە، تێیدا نەبوو، بەڵام چونکە ئەوان خەڵکیان زیاتر بوو، هەر ئەوان یەکەم بوون، بتوەیٚو نەتەوەیٚ، سبەی ئەگەر حیزبێك لەرۆژهەڵاتی کوردستانیش پتر هێزی پێشمەرگە دێنێتە مەیدانی، پتر لەبواری ماڵیەوە ئیمکانیاتی هەیە، پتر دیبلۆماتی هەیە، مەعلومە ئەوە دەبیٚ دواتریش لەدوارۆژدا سندوقەکانی انتخابات، دەتوانن قەزاوەت بکەن کە کیٚ هەقی هەیە بەشی زیاتری پیٚ بریٚ.

*** بەنسبەت ئەو سیاسەتو شێوەنیگۆشتەی کە لەمەوایانەدا حیزبی دیموکراتی کوردستان گرتیەبەر ئەویش نارەزایی هێزەکانی بۆناوەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان، کە بەداخەوە، لەو دووجارەدا، هەردوو جار کادیرو پێشمەرگەی شەهید بوو، ئایا ئەو رێچکەیە وەکو سیاسەتێکی بەردەوام دەبیٚ لەحیزبی دیموکرات دا، یا بەهۆی ئەوە کە لەو دووجارەدا هەردووکیان زەبری گەورەی وێکەوت رادەوستیٚ، ئایا دەتوانیٚ دەور ببینیٚ لەکێشانی هێزەکانی دیکە لەکاری هاوبەش لەناوەوەی رۆژهەڵاتی کوردستانداو، تا چ حەدێکیش کە بەشی سەرەکی پرسیارەکە ئەوەیە، تا چ حەدێك، بەقەولێك ئەو تەحریکانە پێك نەهێنیٚ.**

لەلایەن هێزەکانی هەرێمی کوردستانەوەیانی لەگەڵ ئەو سیاسەتەی پێشووی کە حیزب هەییوو، کاری وا ئەکا کە حکومەتی هەرێم پێی

چونکە رژێمی کۆماری ئیسلامی رژێمێکی دژی مرۆڤە، لەلای گرنگ نییە ئەو زیندانییانە بشمرن

نادروست بیٚ رێکدەکەویٚ؟

– بەشێکیان ئەوەی کە ئیدامەی دەبیٚو ئیدامەی نابیٚ ئەوە من قسەی لەسەر ناکەم، بەڵام ئەگەر قەرار بیٚ شتێکی وا بپرسی ئەوا لەبرادەرانی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات بپرسە، ئەوەلەن حیزبی دیموکراتی کوردستان هێزی نەناردۆتەوە، ئەوە راست نییە، کە هێزی ناردۆتەوە، حیزبی دیموکراتی کوردستان، کادیری حیزبی ناردۆتەوە، تێکۆشەری حیزبی ناردۆتەوە لەنێو میللەتی خۆیدا قسەی خۆی بکا، ئەیان ناردۆتەوە بچێتەوەشەری چەکدارانە بکا، نەچۆتەوە بۆ ئەوەی پاسگا بگریٚو پایگا بگریٚو ستون تێك بشکێنیٚ، بۆ هیچ جۆریٚ لەمانە نەچۆتەوە، رەنگە زۆرجار ماشێنێکی رژێم بە بەردەمیاندا تێپەڕی بیٚ کە بەوو پێشمەرگە دەیانتوانی چی پێیان خۆش بیٚ لەگەڵیان بکەن، بیانکوژن، ئەسیریان بکەن، ئەسڵەن خۆشیان تێنەگەیاندوون، چونکە ئیشو کاریان ئەوە نییە، لەپاشانیش ئەو حەرەکەتە لەگەڵ ئەوەی، لەدەستچووی ئەو چەند کادیرە پێشمەرگەیە زۆر ئاڵە، زۆر ناخۆشە، خەساری گەورە بووە، بەڵام ئەو حەرەکەتەیە، حەرەکەتێکی تێکشکاو نەبووە، ناسەرکەوتوو نەبووە، وانییە کە بڵێن هەتا چووبنەوە بەسەری شکاو هاتوونەوە، لەدەیان جاریش شتێکی وا رێکدەکەویٚ، خۆ خەڵکی ئێمە هەر ئەوەندە نەچۆتەوە، کە تووشیٚ حادیسە بووە، زۆرجاری دیکەش خەڵکمان چووە، نەك چۆتە کوردستان، چۆتە شارەکانی دیکەی ئێرانیش و لەگەڵ دیکەش بووە، چونکە ئازاربایجانیٚ چوونە تارانیٚ، چوونە دانیشگاکانی دەرەوەی مەنتیقەی کوردستانو لەگەڵ خەڵکی دیکە تەماسیان کردووەو گەڕاونەتەوە بەسەلامەتی، بەڵام جارێکیش شتێکی وادەبیٚ، خەبات ئەوە تەبیعەتیە تی وەکو دەڵێن رێی خەبات بەگوڵو رێحاندا نەچێڕاوە، ئەو شتانەی تێدایە، کەواتە لەو بارەیەوە حەرەکەتێکی ناسەرکەوتوو نەبووەو شتێکی نەکردووە، بەمەبەستێك نەچوو کە زەرەر بەهیچ کەس بگەینیٚ هەتا بەجمهوری ئیسلامی، بەڵام باوەڕی من ئەوە وەزیفەی ئێمەیە کە تەماسمان لەگەڵ میللەتی خۆمان هەبیٚ، نەك هەر هەقمانە مەعلومە هەقمانە، بەڵام باشە ئەگەر ئەوە بۆ ئەو میللەتەی نەبیٚ ئێمە لێرە چی دەکەین، یا عنی لەو دەشتەی دانیشتووین و گەرما و مێشولەی تەحەمول دەکەین لەبەرچی، لەبەر خاتری ئەو میللەتەیە، ئێمە بۆ ئەو میللەتەی دەژین، بۆ ئەو میللەتەی خەبات دەکەین، پەیوەندیمان دەبیٚ لەگەڵ ئەو میللەتەی هەبیٚ، ئەگەر پێویستیش بیٚ دەبیٚ بۆ ئەو میللەتە بمرین، کەوابیٚ ئەوەش بۆ ئێمە نا تەبیعی نییە، پێموایە دەبیٚ بەشێوەیەك هەر بەردەوام بیٚ چونکە ئەوە کاری حیزبییە، وەك عەرزم کردی دەست پێکردنی قۆناغێکی تازە بەمانای قۆناغی چەکداریو خەباتی شۆڕشگێڕانە نییە، ئەوەش ئەگەر رۆژێ زەروورەتی هەبیٚ هەقی میللەتی کوردە، دەستی بداتیٚ، ئەگەر زەروریەتی هەبیٚو پێویست بیٚو هەلومەرجی بۆ ئامادە بیٚ، بەڵام ئەوەی ئێستا هیچ کام لەوانە نییە.

*** ئەو کارە چەکدارییەی کە حیزبی دیموکرات لەیەك دوو مانگ لەمەوپێش دەستی پێکردووە لەناوەوە، دەتوانیٚ ببێتە رێگە خۆشکەر بۆ کاری هاوبەش لەناو هێزە سیاسییەکاندا؟**

– ئەوە کە داخوا ئەو جۆرە حەرەکەتانە دەتوانیٚ، یارمەتیدەری کاری هاوبەش بیٚ ئەمن پێموایە، ئەو شێوە کارە، شێوەکارێك نییە کەهاوکاری، بەڵیٚ ئەگەر رۆژێکی ئێمە خەڵکمان بچێتەوە بۆ خەباتی چەکدارانە، هێزەکانی دیکەش وابکەن رەنگە لەوێدالەو جێیەی کە پێویستە کاری نیزامیش پێکەوە بکەن، بەڵام وەختێکی کابرا دەچێتەوە بۆ ئەوەی کاری تەشکیلاتیو سیاسی بکا، ئەو وەختە مەگەر جەبهەیەك هەبیٚو هەیئەتێك بەناو جەبهە بچێت بەناوی جەبهەوە بکا، دەنا هەر کەسەو دەچیٚ بۆ خۆی قسە دەکا، کاری هاوبەش بۆ قۆناغی ئێستا دەتوانی باری سیاسی، باری دیبلۆماسی، باری تەبلیغاتی زیاتر هەبیٚ لەوەی باری تەشکیلاتی، لەواقیعدا حیزبە سیاسییەکان هاوکاری تەشکیلاتی بەیەکەوە ناکەن، بەڵام ئەوە کە داخوا ئەو هێزە سیاسییانە چەندیان باوەڕیان بەحزور لەنێو خەڵکیدا هەیەو چەندیان نییە، ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە، هەر کەسەو بۆ خۆی جوابی خۆی دەداو، مەسڵەحەتی خۆی بۆ خۆی دەزانیٚ، لەگەڵ ئەوەش دەبیٚ تەئکیدیش کەمەوە کە حزور لەنێو خەڵکیدا ئیلزامەن هەر حزور بەشێوەی خەباتی چەکدارانەو پێشمەرگانە نییە، راستە ئێمە کە دەچینەوە وڵاتی خۆمان، کەسێکمان مەجبورە موسەلەح بیٚ بۆ ئەوەی ئەگەر کەوتە داو، بتوانیٚ لانی کەم دیفاع لەخۆی بکاو خۆی دەرباز بکا، بەڵام دەتوانیٚ حزورت لەناو خەڵك هەبیٚیٚ ئەوەی چەکیشی پێبیٚ، وەك عەرزم کردی هیلکی ئێمە رۆژجار چووەو لەئایینەدشدا هیوادارم هەر بچیٚ، وەك دەچی لەدانیشگای شیرازیٚ لەگەڵ چەند دانیشجویان قسە دەکا، ئەی خۆ بەئارپیچیەوە ناچیٚ.

ئەحمەد سەفا
ahmadsafa
@ymail.com



ئێمە کەسمان نەناردۆتەوە شەڕی چەکدارانە بکا بەڵکو بۆ کاری سیاسیو رێکخراوەیی بووە

دەبیٚ هەر چۆنێك بیٚ هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر چەند خاڵی هاوبەش رێك بکەون

بۆی بەرێتە پێش و بیگونجێنیٚ، بەجۆرێك کە ئێستا ئەگەر قانونو دەستوور، یا بڵێین قانونی ئەساسی بێتە مەرجەع قسەی کورد لەسەرەوەیە، کورد شانسی بردنەوەی یارییەکەی پترە لەوان، هەر لەبەر ئەوەشە، ئێستا لەپەرلەمانی ئێراقیدا دەیانەوێ بەندی ئەساسیو، بەندی سەریحی دەستوور یا قانونی ئەساسی هەڵوەشێنن بیخەنە دواوە، بەباوەڕی من نیگەرانیکە مەشروع و بەجێیە، بەڵام دیسانەکە ئارەزووم هەر ئەوەیە، پێشموایە رێبەری کوردیش زیاتر ئەوە دەکا کە نەبێتە لێکدانو پێك هەڵبژاردنی نیزامی، چونکە وا فکر دەمەوە ئەوە خێری تێدا نابیٚ،بەش بەحاڵی خۆم پێموایە هاوپەیمانانیش،وڵی خۆیان باش یاری نەکردووە، یان لای کەم لەم مەقتەعەدا باش یاری ناکەن، ئێستاش لەگەڵ بیٚ، پیٚ پێمان خۆش ببیٚو پێمان ناخۆش بیٚ، قسەی ئاخر لەم ئێراقەدا ئەمریکا دەیکا، نە کورد دەیکا نە عەرەبو نەشیعەو نەسوننە نە ماڵیکیو نە جەعفەریو نە مام جەلال وەکو رەئیس جمهور، قسەی ئاخر بەدەست ئەمریکاییەکانە، ئەگەر ئەمریکاییەکان باشتر بێنە ناوەوە، وەزنی خۆیان پتر بەکاربەرن دیارە ئەوانیش قازانجی خۆیان هەیە، قازانجەکەشیان دابەش دەبیٚ بەسەر کوردو عەرەبو ئێرانو تورکیاو وڵاتانی عەرەبی، ئەوانە هەموویان قابیلی دەرکن، بەڵام بەهەر حاڵ ئەگەر ئەوان تەوازنێکی باش رابگرن، رەنگە بتوانن پێشی پێك هەڵرژانو لەدەست چوونی دەستکەوتەکانی کورد بگرن، هەرچەند دەستکەوتەکانی کورد هەتا ئێستا دەکرێ بڵێم لانی کەم بۆ کورد روون نین، چونکە وافکر دەکەمەوە ئەوەی ئێستا لەکوردستاندا هەیە ئەوەو فیدرالیزم نییە ئەوەو ئیستیقلال